# وتووێژ لەگەل هاوڕێ ژاک.زیا

## ڕاستی کۆمەڵگای کوردستان چینایەتییە، نەک درزی نێوان سکیۆلاریزم و ئیسلامی سیاسی

**نیشان کەمال**: هاوڕێ **ژاک.زیا** ڕووداوەکانی ئەم جارە بۆ بێدەنگ کردنی یەکێک لە ئایکۆنەکانی ئیسلامی سیاسی و بردنی بۆ بەردەم دادگا، وانیشاندەدا کە: لە درز و کاریگەریەکانی ڕووبەڕوبوونەوەی نێوان سکیۆلاریزم و ئیسلامی سیاسیدا، "باشترە بۆ کۆمەڵگا کە چەپەکان و سۆشیالیستەکان یەکلایی ببنەوە". یان خەریکە ناچاربن کە بێدەنگی بشکێنن و بڕۆنە پاڵ شەپۆلی سکیۆلاریزم...

**ژاک. زیا:** ئەگەر بڕیار بێت هەڵچوون و شوێنکەوتن بۆ "چەپ" و سۆسیالیستەکان ناچاریی بێ؛ ئەوا باشترە بێ ئاوڕدانەوە لە مێژوو و خەباتی چینایەتی، بەئاراستەی سکیۆلاریزمدا بڕۆن و لەپاڵ ئەوبەرەیەدا بوەستن ...

ئەگەر نا لەولای ئەو دووبەرەیەوە و لەولای ئەو "هەڵچوون و داچوونانەوە"، هیچ میکانیزمێک نییە سۆسیالیستەکان ناچارکات لە نێوان ئەو دووبەرەیە خۆیان یەکلایی بکەنەوە، ئەگەر: بەوتەی هاوڕێیەک خۆیان "تایفەی" چەپە بۆرژواییەکان نەبن...

**نیشان کەمال:** کەوایە لێگەڕێن ئیسلامی سیاسی و کۆنەپارێزیی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن؟!!

**ژاک. زیـــا:** یەکەم: بە چ پێوەرێک سۆسیالیستەکان لێگەڕاون کە ئیسلامی سیاسی کۆمەڵگا بەرێ؟ ئیسلامی سیاسی و بەگشتی هەموو کۆنەپارێزی لەلایەک و فۆرمی سکیۆلاریزم لایەکی تر، بۆخۆیان میتاڵی بناغە کۆنکرێتیەکانی سیستەمی سەرمایەدارییین. ئەندازیارە شارەزاکانی بۆرژوایی کە بەتایبەت تیۆرسینەکان و پڕوپاگەندەچیەکانی میدیایین، هەر خەریکی ئەوەن کە لە هەر مەسەلەیەکدا "ناچاریی" بەسەر سۆسیالیست و کۆمەڵگادا بسەپێنن.

هەرچەندە هەموو ئەوان خەریکی ئەوەبن ئەم پێوەرە بکەنە ئاراستەیەک لەبەردەم خەباتی سۆسیالیزم و پرۆلیتاریا لەناو کۆمەلگادا، یان فۆرمی سکیۆلاریزم و ریفۆرم بخەنە جێگای خەباتی واقیعی چینایەتی؛ سەرکەوتوو نابن. چونکە: **ڕاستی کۆمەلگا خۆی جیاوازی چینایەتییە، نەک درزی نێوان سکێۆلاریزم و ئیسلامی سیاسی...**

سۆشیال میدیا و میدیاکانی بۆرژوایی لەهەموو ئەو پنتانەدا دەیانەوێت پێکدانی چینایەتی و خەباتی چینایەتی لاوەکی بکەن و داپۆشن، وە درزەکانی تر لەکۆمەلگادا بسەپێنن. نمونەی درزەکانی نێوان سکیۆلاریزم و ئیسلامی سیاسی. ئامانجیان کپکردنەوەی خەباتە لە دژی هێرشەکانی سەرمایەداری و فۆرمی نیولیبرالیزم بۆ سەر خوارەوەی کۆمەلگا و پرۆلیتاریا. لەم نێوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە تایفەکانی چەپ دەبنە خۆراکی سیاسەتی بۆرژوایی و دەکەونە نێوان درزەکانی ئەو دووبەرەیەوە.

دووەم: ئەگەر وەڵامی تایبەتی ترت دەوێت لەوبارەیەوە، هەر ئەوەیە کە خەباتی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا دژی هەموو بناغەو پایەکانی سەرمایەدارییە... بۆ پرۆلیتاریا یەک خەبات حەقیقەتە ئەویش ئەو خەباتەیە کە کۆتایی بە جیاوازی چینایەتی دەهێنی، و سۆسیالیستیانەیە... فۆرمەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی و سکیۆلاریزمی بۆرژوایی بەلای منەوە دیوێکی تری سیستەمە، وەک هەموو دیو و فۆرمەکانی تری سەرمایەداریی...

**نیشان کەمال:** بە بڕوای تۆ هاوڕێ ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەی تۆ نابێتە ئەوەی کە خەڵک بۆچوونیان لەسەر تۆ و سۆشیالیستەکانی ئەم سەردەمە وابیت کە هەر خەریکی لێکدانەوەی وشک و ئەناتۆمین، یان دژی فۆرمە سکیۆلار و مۆدێرنانەن کە هەوڵدەدەن لەپێناویی ئاسودەکردن و ژیانێکی باشتر بۆ خەڵک ؟

**ژاک.زیا:** ئەگەر مەبەستت لە خەڵک "کۆمەڵگایە"، ئەوا هەموو ئەوانەی باستکردن چینایەتین و چینەکانی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی ژیان و جیگای چینایەتی خۆیانەوە؛ خۆشی ، ئاسودەی، و جیهان دەبینن و بەرلێکەوتینیان لەگەڵیدا بۆ دروست دەبێ. تەنها خەباتێک بۆ ئازدی و ڕزگارکردن لە کۆیلایەتی و خۆشبەختکردنی کۆمەڵگا شۆڕش و ئالوگۆڕی سۆسیالیزمە...

**نیشان کەمال:** هاوڕێ سکیولاریزم، ڕیفۆرم و باشکردنی ژیانی کۆمەڵگا، بونیاتێکی مرۆڤیانەی هەیە و پەیوەستە بە مرۆڤەوە، مەگەر وانییە؟

**ژاک.زیا:** ئەوەندی لە مەبەستی ئەم پرسیارە گەشتبم: وەڵامەکەم ئەوەیە چینەکانی کۆمەڵگاش مرۆڤن و لە مرۆڤەکان پێکهاتوون. لەئێستای سیستەمی سەرمایەداریدا شتێک نییە لەم دنیایەدا گشتگیر و بۆ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک بێ، وەک ئەوەی میدیا ساختەکانی سەرمایەداری خەریکی ئەوەن ئەم بنەمایە جێخەن. ئەمە مێژوویەکی دوورتری هەیە لەناو بزووتنەوەکانی چەپ لە جیهاندا.

بەدوای شکستی سۆڤیەتی ڕووسیا لەسەردەستی ستالین، زۆرێک لە چەپ لەژێر هەژموونی دیموکراتی و سۆسیال دیموکراتیدا بۆ بەرەنگاری و بەرگە گرتنی ئەو دۆخە دەستیان لە سۆسیالیزم هەڵگرت و دەستیان برد بۆ ڕیفۆرم و سکێۆلاریزم و خەباتی مەدەنی... ئەمەش بۆ پارتە سیاسیە "کۆمۆنیستەکان یان شیوعییەکان"ـی دروستکراوی ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم "کۆمێنترێن"ـی ستالینی ئەم وڵاتانە بەهەمان

شـێوە بـوو. دروشـمی "نیشـتیمانێکی ئـازاد و گەلێکـی بەختیـار" هەمـان جەوهەری دروشمی "دنیـایەکی باشتر"ـی بزووتنەوەی سکیۆلاریزمی چەپی ئیسـتای هەیە، بەلام بەفۆرمێکی پۆپۆلیستی دواکەوتووتر لە چەپی ئەم سەردەمە...

بەهـا و مانـای خەبـاتی پرۆلیتاریـا **ئـازادبوونە لە کـۆیلایەتی چینـایەتی، و جیهـانی سۆسیالیزمە. نە نیشتمانێکی ئازادە و نە دنیایەکی باشتر**...

شـێوە و سـاختەکاریەکان لە دروسـتکردنی "**درزە ناچینەیەتیەکـان**"دا زۆرن: بەردەوام ئەم لیسـتە بـێ کۆتـاییە؛ لە ئـابوورییەوە سـەردەگەیەنێتە زانسـتی کۆمەلناسـی، دەروونناسـی، چیژگەرایی، بەرخۆری... و چی و چی. تەنهـا لەبەر ئەوەی لە خەبـاتی چینایەتی هەنگاوێک دورمـانخەنەوە، دەیانەوێت وادەرخەن هەمـوو ئەمـانە گشـتگیرن و لەپێناو مرۆڤەکاندایە ئەم ڕیفۆرم و خەباتە هاوچەرخیانە...

**نیشان کەمال:** ئەگەر ئەو فۆرمە لە خەبات گرنگ نییە؟! بۆ زۆرینەی چەپ پشـتیوانی لە کەنارخستنی ئایکۆنەکانی ئیسلامی سیاسی دەکەن و دەیانەوێت ئـایین لە یاسـاکانی بەڕێـوبەری دەسـەڵات دوورخەنەوە. ئەم سـکێۆلاریزمە مەگەر دەروازەیەک نیـیە بـۆ ئاسودەیی کۆمەڵگا؟

**ژاک.زیا:** ئەگەر مەبەستت زۆرینەی چەپ هەمان چەپی کۆمەڵگـای مەدەنی بۆرژواییین، ئەوا تەواو ئەرکی خۆیـانە کە وابن، پراکسیسـی ئەوان ئەمەیە کە هەیە؛ سکیۆلاریزم و بەرگـری لە ڕیفـۆرم تەنـانەت لە دریچەیـی دادگـا و پەرلەمانیشـەوە بێ! ئەرکـێکە لای ئەوان بـۆ سیسـتماتیک کردنـی کۆمەڵگـا و قـایمکردنی پایەکـانی یاسـای مـۆدێرن و کۆمەلگـای مـۆدێرن، پێویسـتییە. بەڵام هەمـان ئەو مـۆدێرنە بـۆ مـارکس و مارکسـیزم واتاکەی بۆرژواییە...

**نیشان کەمال**: بڕواناکەم زۆر بەوجۆرە بێت، سەرەنجام بەشێک لەوان ئەو خەباتە بە بەشێک لە گەشتن بە سۆشیالیزم یان لانیکەم بە دنیایەکی باشتر دەزانن.

**ژاک زیا**: ئەگەر بەوجۆرە نییە بۆ هەموو خەباتێکیان بردۆتە ئاراستەی ریفۆرم هەتا لەڕێگای دادگا و پەرلەمانەکانیشەوە بێ. بۆ دادگاکان هی کێن! هی دەسەڵاتی بۆرژوایی خۆیان نییە!، بۆ بنەمای دەستور و یاسا و ڕێساکانی دادگایی حکومەتی بۆرژوایی لەناو زۆنگاویی دواکەوتوویی و چەوسانەوەدا بنیات نەنراوە؟

ئەگەر بەو جۆرە نییە هاوڕی دەکرێت جۆرەکەی ترمان بۆ ڕوونکەیتەوە؟ کە وەهمێک لە کواڵیتیەکەیدا نەبێ؟

ئەم جۆرە چەپانە نزیکەی هەموو مێژوویان ئەم کواڵیتییە بووە لە خەباتیان، ئەگەر باسی مارکسیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەکەن، لە ڕیفۆرم و جوانکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا سەریان نەکێشاوەتە دەرەوە. بەرژەوەندیشیان وایە کە لەوەزیاتر سەرنەکێشیتە دەرەوە... ئەوە جەوهەر و جێگای سیاسەتی ئەوانە...

**نیشان کەمال**: باس زۆرە لەسەر ئەوەی ئەمانە هەموو نمایشن، تۆ پێتوایە ئەمە نمایشێکە بۆ سەرگەرمکردن و کەم بایەخکردنی خەباتی دژی بێ موچەیی، بێ کارەبایی، بێ داودەرمانی و هەژاریی و .... بە وتەی خۆت؛ چی و چی؟

**ژاک. زیا**: بوونی ئەم بۆچوون و لێکدانەوانە بۆ هەر کێشە و مەسەلەیەک لە کۆمەلگادا، واقیعی دەگەڕیتەوە بۆ ڕسوابوونی دەسەڵاتی سیاسی و بێ متمانەیی کۆمەلگا بە دەسەلاتی سیاسی و پارتییەکانی ناو دەسەلات و پەرلەمان.

وەک نمایش ڕەنگە دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵێک ئایکۆنی هەبێت لە بەرەی ئیسلامی سیاسی و ئەو بەرە کۆنەپاریزەی کە هەم ڕاشکاوانە و هەم ساختەکارانە بەرگریی لە

فۆرمی ئیستای دەسەڵات و سەرمایەداریی دەکەن لەژێر بانگەوازی "**ئەوەی خوا دابیتی پێی ڕازیبە**"... بەڵام ئەمە حەقیقەتە نمایش نییە لە ئیستادا بۆ بەرەی سکێۆلار و ڕیفۆرمیستەکان، کە دەیانەوێت لە کۆمەڵگادا چەند "چەکپۆینتێک" تێپەڕێنن، بۆ نزیک بوونەوە لە دنیاکەی خۆیان...

**بەکورتی نەخێر ئەمە نمایش نییە بەڵکو ڕاستییەکی تاڵە بۆ پەکخستنی کاریگەرییەکانی خەباتی چینایەتی.**

بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە کە: ڕووداوەکان و ئەو پێکدانانەی کە دەیانەوێت کۆمەڵگا لە دەووری درزی ناچینایەتی کۆکەنەوە، بۆخۆی مێژوویەکی لە ناو ئالوگۆڕە سیاسیەکانی کۆمەلگادا هەیە. هەموو شکست و چوونە پێشەوەکانی خەباتی سۆسیالیستی و پرۆلیتاریایی کۆمەلگا ڕۆڵی هەبووە لە چوونە پێشەوە و چوونە دواوەی ئەو هەولانە کە: ئەو جۆرە درزانە لە جێگای جیاوازیی و ناکۆکی چینایەتی هەژموون کەن بەسەر کۆمەڵگاوە.

**نیشان کەمال**: چۆن دەکرێت ئەو ڕۆڵ و هەژموونە ساختانە کۆتایی پێبهێنرێ؟

**ژاک. زیا**: ئەوکاتەی کە خەباتی چینایەتی ڕوونتر و ئاشکراتر کاریگەریەکانی لە کۆمەڵگادا دەرکەوێ، ئەوکاتەی ڕەوت و بزووتنەوەی سۆسیالیزمی پرۆلیتاریا بەهێزبێ، و ئەوکاتەی پرۆلیتاریا هۆشیارانە یەکگرتووتر بێت لەخەباتیدا دژی سەرمایەداری و فۆرمەکانی دەسەلاتداری و ئابووریی سەرمایەداریی...

**نیشان کەمال**: هاوڕێ سوپاس بۆ ئەم وتووێژە.

**ژاک. زیا**: هاوڕێ، سوپاس بۆ ئیوەش.